لەم ژمارەیەدا
ل٣ دیموکراتەکان دەنگی ئەمریکیەکان وەردەگرن
ل٤ گەنجان داوای پەساپۆرت دەکەن
ل٥ ئایا گۆڕانکارییەکانی داهاتوو عێراق بەرەو کوێ دەبات؟
ل٦ چۆن خەوێکی خۆش بۆ مناڵەکەت دابین دەکەی؟

## ئەمریکا سیاسەتی خۆی لە عێراق دەگۆڕێ

ژەنەڕاڵ پیتەر پیەس سەرۆکی فەرماندەی هێزە هاوبەشەکان لەعێراق ئاشکرای کردووە کە سەرکردە سەربازیەکان سەبارەت بە گۆڕینی ئەرکەکانی سوپا لەعێراق دانوستاندن دەکەن. هەر بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاروایە ڕۆژی دووشەمە ٢٠٠٦/١١/١٣ سەرکۆماری ئەمریکا لەگەڵ کۆمیتەی تایبەت کۆبێتەوەو گوێ لە ڕاو پێشنیارەکانیان سەبارەت بە کۆتایی هاتنی ململانێکانی عێراق بگرێ.
لەلایەکی دیکەوە کۆشکی سپی ئاشکرای کردووە کە ئامادەیە گوێ لەهەموو پێشنیارێکی کراوە سەبارەت بە کێشەی عێراق بگرێ، بەڵام هێشتا گۆڕانکاری بنەڕەتی لەسیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بە عێراق ئەنجام نادرێ.

گەل ڕۆژی
ROJI GEL
هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیریی گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات
ژمارە (١٦١) یەکشەممە ٢٠٠٦/١١/١٢

# لەماوەی سێ ساڵ ١٥٠ هەزار عێراقی دەکوژرێن

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە وەزارەتی لەشساغی عێراق ڕۆژی ٢٠٠٦/١١/١٠ بە میدیاکانی ڕاگەیاند کە بەگوێرەی ڕاپۆرتی نەخۆشخانەکان لە نێوان مانگی ئازاری ٢٠٠٣ تا ئێستا زیاتر لە ١٥٠ هەزار کەس بەهۆی کردەوە تیرۆریستیەکان و تێکهەڵچوونی سەربازی و شەڕی تایفیەوە گیانی خۆیان لەدەست داوە.
ئەم ژمارەیە بەبەراورد لەگەڵ ئەو ژمارەیەی کە گۆڤاری زی لانسیتی پزیشکی بەریتانیا بڵاوی کردبۆوەو ژمارەی قوربانیانی شەڕی نێووەخۆی عێراقی بە ٦٥٠ هەزار کەس دانابوو، زۆر کەمە. حکومەتی عێراق و هێزەکانی ئەمریکا ئەو ژمارەیە ڕەت دەکەنەوە و بە ناڕاستی دادەنێن، بەڵام ئەگەر سەیری ڕاپۆرتی نەخۆشخانەکان بکرێ، لەوانەیە ئاکامێکی هاوشێوە دەست بکەوێ و جیهانیان لە ئاکامی ئەو کارەساتە تێبگەن کە ئەمڕۆ لەعێراق بەڕێوەدەچێ.
سەرچاوەکانی هەواڵ بەردەوام دۆزینەوەی تەرمی کەسانی بێناسنامە بڵاودەکەنەوە. ئەمە وێڕای ئەو تەقینەوانەی کە ڕۆژانە شارەکانی بەغداد و کەرکوک و موسڵ دەگرێتەوە و گیانی مرۆڤەکان درووێنە دەکات.

## گابریەل گارسیا مارکێز سەردانی ئێران دەکات



**هەواڵەکان** : بە گوێرەی هەواڵی ئاژانسی مێهر، نووسەری ناوداری کۆلۆمبیا، لەسەر داوەتی سەفارەتی کۆلۆمبیا، سەردانی ئێران دەکات

بە گوێرەی هەواڵەکە سەفەری ناوبراو بۆ هاوینی ساڵی داهاتوو ڕێک خراوە و بەو پێیە ئەمە یەکەم سەفەری نووسەرێکی وەرگری خەڵاتی ئەدەبیاتی نۆبێڵە کە بۆ ئێران سەفەر دەکات .

هەر بەگوێرەی هەواڵ، ئێستا لێپرسراوانی باڵیۆزخانەی کۆلۆمبیا لە ئێران بۆ جێبەجێ کردنی پێویستییەکانی ئەم سەفەرە لە گەڵ لێپرسراوانی وەزارەتی دەرەوەی ئێران دانوستاندن دەکەن.

## تورکیا : وەزیرێک بە کوردی دەدوێ



مەهدی ئەکەر، وەزیری کاری کشتوکاڵ و گوندیان بە یاوەری والی دیاربەکر و پەرلەمانتارێکی دیاربەکر بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی بنەماڵەی لافاو لێدراون سەردانی ناوچەی(چناری)یان کرد، لەو سەردانەدا، وەزیری کشتوکاڵ گوێی لەو گوندنیانە گرت کە بەکوردی دەدوان و باسی ڕەوشی خۆیان دەکرد، ئەویش بە کوردی وەڵامی دانەوە و بەڵێنی هاوکاری و یارمەتیدانی پێدان، بەمەش ڕێچکەی کوردی ئاخافتن لە نێو وەزیرانیشدا کرایەوە.
ئەوەی شیاوی باسە ناوبراو بۆخۆی خەڵکی دیاربەکرە، بەڵام لەنێو حکومەتی تورکیادا کوردی ئاخافتن قەدەغەیە، لەوانەیە لەداهاتوودا میلیتاریستەکان سکاڵا لەدژی وەزیری کشتوکاڵ تۆمار بکەن.
لەلایەکەی دیکەشەوە دوای ئەوەی گوشارەکانی یەکێتی ئەوروپا بۆ سەر دەوڵەتی تورکیا چڕتر بۆتەوە و میلیتاریستەکانی تورکیا پێ لەسەر سیستەمی کەمالیزم دادەگرن، یەکێتی ئەوروپا و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ جەخت لەسەر ریفۆرم دەکەنەوە و دەخوازن کە ڕێگەی کورد بدرێ بە زمانی زگماکی خۆی لە فێرگەکاندا بخوێنێ، هەروەها کوردەکانیش شێلگیرانەتر داوای مافەکانی خۆیان دەکەن، ئاخافتن بە زمانی دایک یەکەمین داخوازی کوردانە، کە سەرتاپای جیهان پشتیوانی لە وەدەستهێنانی ئەو مافە سەرەتاییە دەکات.

## مانگێک مۆڵەت بە تورکیا دەدرێ

یەکێتی ئەوروپا ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بە پێشکەوتن بڵاوکردەوە، ڕاپۆرتەکە بە وردی لەسەر پرسی کورد لە تورکیا ڕاوەستاوە و دیاری کردووە کە:
١- ئەو منداڵانەی کە زمانی زگماکیان تورکی نیە، ڕێگەیان نادرێ لە فێرگەکاندا زمانی زگماکی خۆیان فێر ببن.
٢- ڕێگە لە دەزگاکانی چاپەمەنی دەگیرێ کە بە کوردی چاپ و بڵاو دەکرێنەوە .
٣- هەوڵ دەدرێ ڕێگە لە فێرگە ئەهلیەکانیش بگیرێ کە بەکوردی هەوڵی پەروەردەکردن دەدەن.
٤- ڕەوشی ئابووری شارە کوردیەکان خراپە، دەوڵەت پلانێکی بەرچاوی لەو بەستێنەدا نیە.
بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە لەو دواییانەدا بژاری ریفۆرم لە تورکیا زۆر بە سستی بەڕێوەدەچێ، هێشتا سوپا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ. لە کۆتاییدا ڕاپۆرتەکە ماوەی یەک مانگ مۆڵەتی بۆ دەوڵەتی تورکیا داناوە تا بەکردەوە لەو بوارانەدا چاکسازی بکات.

## ڕۆژەڤ

داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ڕاستەوخۆ بە گۆڕانکاریەکانی نێوەخۆی عێراقەوە بەستراوەتەوە. ئەگەر بەرنامەکانی بووش لە عێراق سەرکەوتن وەدەستبێنێ لەوانەیە داهاتوو بە ئارەزووی گەلانی ناوچەکە تەواو نەبێ، چونکە سەرۆکی ئەمریکا بۆ ڕزگاربوون لە زەلکاوی عێراق ئامادەیە شاننزمی و سازش بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە بکات، ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندی گەلانی زۆرلێکراوی ناوچەکەدا یەکانگیر نابێ. لەو پێوەندیەدا دەبێ ڕاستویژانە هاوکێشەکانی عێراق کە خۆی لە مسۆگەرکردنی بەرنامەکانی جۆرج بووش دەبینێتەوە، بخوێنینەوە. ئەو مسۆگەربوونەش لە سەرکەوتن بەرجەستە دەبێ ، ئەمەش شیمانەیەکی یەکجار بچووکە و ناتوانرێ داهاتووی لەسەر ئاوا بکرێ .
لەو ڕۆژانەی دواییدا زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی جیهان ڕاشکاوانە لەسەر بەرنامەکانی بووش بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕاوەستان و لێکدانەوەیان بۆ کرد. ئەوان پێیانوابوو سەرکەوتنی گەلانی عێراق لەسەردەستی دیموکراتیەکان تەواو دەبێ. ئەمەش لەوکاتەدا دەبێ کە جۆرج بووش ماڵئاویی لە کۆشکی سپی دەکات و سەرۆکێکی دیکە جڵەوی فەرمانڕەوایی لەدەست دەگرێ و بیر لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکاتەوە.
کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق چاوەڕوانی بەرپابوونی شەڕێکی کاولکاری لێدەکرێ، هەرچەندە لەواری کرداریدا ئەو شەڕە بەڕێوەدەچێ و ڕاگەیاندنەکانیش پەردەپۆشی لێدەکەن. کاتێ دیموکراتەکان دەگەنە کۆشکی سپی لە دووریانێکدا خۆیان دەبیننەوە، ئەگەر هێزەکانی خۆیان ناکێشنەوە، دووچاری هەمان چارەنووسی کۆماریخوازەکان دەبنەوە، ئەگەر هێزەکانیشیان دەکێشنەوە، چارەنووسێکی نادیار بۆ هەرێمەکە جێدەهێڵن کە ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی ئەمریکادا نایەتەوە. لەو کاتەدا تاکە ڕێگە لەبەردەم ئەمریکیەکان یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی عێراق دەبێ. یەکلایی کردنەوەش بە دروستبوونی سێ دەوڵەتی کۆنفدراڵی یان سێ دەوڵەتی سەربەخۆ تەواو دەبێ.
هەر لە ئێستاوە ئەوانەی کۆشکی هیواکانی خۆیان لە عێراق لەسەر بەرنامەکانی جۆرج دەبلیو بووش هەڵچنی بوو، دووچاری دڵەڕاوکێ بوونەتەوە. شکستی بووش بە شکستی خۆیان دەزانن، هەوڵدەدەن پاساوێکی گونجاو بۆ شکستی بووش بدۆزنەوەو خۆیانی پێ دەرباز بکەن.
حکومەتی داهاتووی ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، لەوانەیە پەنا بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران و سوریا ببات. لەوانەیە ئەو ڕێککەوتنانە لەبەرژەوەندی ئەوان نەیەتەوە، بۆیە دەبێ پێگەی خۆیان لە عێراق مسۆگەر بکەن. دیسانەوە لەو خاڵە دەگیرسێینەوە کە پتەوبوونی پێگەی ئەوان لە عێراق تەنیا کاتێک سەردەگرێ کە گەلانی عێراق لە ریفراندۆمێکی ئازاددا بڕیاریان لە چارەنووسی خۆیان دابێ، هێزەکانی ئەمریکا لە باشووری کوردستان جێگیر ببوبن، ئەمەش لە هاوکێشەی پێکهێنانی سێ دەوڵەتی سەربەخۆ کورت دەبێتەوە. لەو سۆنگەیەوە دەبێ کوردستانیان خۆیان بۆهەر جۆرە گۆڕانکاری و پێشهاتێکی ئاوارتە ئامادە بکەن. دەبێ دەستەڵاتدارانی کوردستان بۆ پرسی گەل بگەڕێنەوە. پرسی گەل بە یەکڕیزی و هاوهەنگی نێوان سەرجەم کوردستانیان پێشدەکەوێ و سەرکەوتن مسۆگەر دەکات. با هەر لە ئێستاوە دەست لەنێو دەست بۆ پێکهێنانی نیشتمانێکی سەربەخۆ و کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر تێبکۆشین.

## ئوللە هۆفمان ئەنفال وەک جینۆساید دەناسێنێ



دوای ئەوەی کۆمیتەی سویدی ناوەندی (چاک )پەیوەندی بە ئوللە هۆفمان جێگری سەرۆکی پارتی چەپی سویدی کردووە تا بۆ ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید هاوکاریان لەگەڵ دابکات و پشتیوانی لەو کەمپینەدا بکات کە بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنراوە، ئەو بەخۆشحاڵیەوە ئامادەیی خۆی دیارکردووەو داوای بوردنیشی کردووە کە لەدەستپێکدا لەبەر سەرقاڵی بەهەندێ کاری تایبەتیەوە نەیتوانیوە بەشداری لەو کەمپینەدا بکات، دواتر ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو لە بەرانبەر کێشەکانی گەلی کورددا خۆی وەک کوردێک دادەنێ، ئەو لەوپێوەندیەدا بە ڕێکخراوی چاکی ڕاگەیاندووە کە ئەو هەوڵ دەدات تا لە ناو خودی پارتەکەشیدا پاڵپشتی بۆ کەمپینەکە بە دەست بهێنێ . ئوللە هۆفمان سیاسەتمەدارێکی ناوداری وڵاتی سویدە، ئێستا جێگری سەرۆکی پارتی چەپی سویدە، خۆی بەدۆستی گەلی کورد دەزانێ، تا ئێستا بۆ ناساندنی کێشەی گەلی کورد دوو جاران بەجلی کوردیەوە بەشداری کۆبۆنەوەکانی پەڕلەمانی سویدی کردووە .




## ڕامسفێلد دان بە شکست دەنێ



وەزیری پێشووی بەرگری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە هەفتەی ڕابردوو دەستی لەکار کێشاوەتەوە، دانی بەوەدانا کە هەوڵ و کۆششەکان بۆ گێڕانەوەی ئارامی عێراق ناکام ماونەتەوە، ئەمەشی بۆ کەم ئەزموونی هێزەکانی ئەمریکا لە شەڕی گرووپە توندڕۆکان گێڕایەوە کە بەرنامەیەکی دیاریکراوی جوڵە و هاتوچۆیان نیەو ڕێکخراوێکی هەرەمی کۆیان ناکاتەوە.
ڕامسفێلد لەیەکەمین گوتاری خۆی دوای پەسندکردنی دەست لەکارکێشانەوەکەی، لەبەرانبەر کۆمەڵێک فێرخوازی زانستگەی (کنساس) دا ڕایگەیاند کە عێراقێکی دیموکراتی ئاواتی هەموو کەسێکی ئاشتیخوازە. ناوبراو دووپاتی کردەوە کە ئەوان لە قۆناغی یەکەمدا توانیان سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بێنن، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا ڕووبەڕووی گەورەترین ئاستەنگ بوونەوە، ئەمەش مایەی نیگەرانی بوو.
ڕامسفێلد لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی: ڕاشکاوانە دەڵێم کە وڵاتەکەمان شارەزایی پێویستی لەسەر کۆنترۆڵکردنی ئەو توونڕۆیانە نیە کە سوپا و هێزی دەریایی و ئاسمانیان نیەو لە تاریکیدا کار دەکەن.
قسەکانی ڕامسفێلد بۆنی نیگەرانی و شکستیان لێ دەهات، بەڵام بۆ هێورکردنەوەی فێرخوازان ئاماژەی بە دەستکەوتەکانی عێراق داو باسی هەڵبژاردنەکانی عێراق و نووسینەوەی دەستوور و پێکهێنانی حکومەت و ڕەخساندنی زەمینەی ڕۆژنامەوانی ئازادی کرد و ئەمەی بە سەرکەوتن لێکدایەوە.